# ئەعرەجی جەختیکردەوە عێراق سوورە لەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئەمنی لەگەڵ ئێران

ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمڕۆ ڕۆژی دووشەممە جەختی لەوەکردەوەکە عێڕاق سوورە لەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئەمنی لەگەڵ ئێران. نووسینگەی ڕاگەیاندنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی قاسم ئەعڕەجی لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند:- ئەعڕەجی ئەمڕۆ لە نووسینگەکەی خۆیدا پێشوازیکرد لە فەرماندەی پۆلیسی ئێرانی لیوا احمد رەزا وشاندی یاوەری ئەویش بەئامادەبوونی باڵیۆزی ئێران محمد کازم ئال سادق، لەدیدارەکەدا هەردوولا باسیان لە هاوکاری ئەمنی و پتەوکردنی پەیوەندیەکان کرد. ئەعڕەجی جەختیلەوەکردەوەکە بەقوربانیدانی عێڕاقیەکان ئاسایشی عێڕاق بەدیهات. ئاماژەشی بەوەکرد کە حکومەتەکەی سودانی سوورە لەسەر بەردەوامیدانی پەیوەندیەکان لەگەڵ ئێراندا بۆ بەرژەوەندی هەردوولا، هەروەها سەرۆک وەزیران هەمیشە جەختدەکاتەوەسەر قەدەغەکردنی بەکارهێنانی خاکی عێڕاق بۆ هێرشکردنە سەر دراوسێکانی. لەلایەن خۆشیەوە لیوا ئەحمد ڕەزا جەختیلەوە کردەوەکە وڵاتەکەی هەمیشە لەکۆششدایە بۆ پتەوکردنی هاوکاری نێوان هەردوولا وگۆڕینەوەی زانیاری لەگەڵ عێڕاقدا.